# وەرگێڕان و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ ڕاپۆرتە گەشتەکەی میلینگن
## لە ڕوانگەی تیۆریی ڕۆژهەڵاتناسییەوە

نووسین و وەرگێڕانی: ڕەوەند سەباح
(زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە/ بەشی زمانی ئینگلیزی)

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، وەرگێڕان و شیکردنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ وتارەکەی فرێدریک میلینگن (١٨٦٩ - ١٨٧٠) کە بە ناوی «دەربارەی کوردەکان» نووسیویەتی، وتارەکە یەکێکە لە کۆنترین وەسفە ئەتنۆگرافییە ڕۆژاواییەکان دەربارەی گەلی کورد.

ئەم لێکۆڵینەوەیە چەمکی «ڕۆژهەڵاتناسی»ی ئێدوارد سەعید وەک چوارچێوەیەکی تیۆری بەکاردەهێنێت، بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی چۆن ئەم دەقە، ناسنامەی کوردی لە ڕێگەی نامۆ نیشاندان، وێناکردنی چەقبەستوو و پۆلێنکردنی نەژادییەوە بنیاد دەنێت. لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی ورد بۆ تێڕوانینەکانی میلینگن سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کورد و زمان و ئایین و ڕۆڵی ڕەگەزی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانە، ئەم وتارە دەیسەلمێنێت، کە گێڕانەوەکە ڕەنگدانەوەی گوتارە کۆلۆنیالیزمەکانی سەدەی نۆزدەهەمە، کە هەوڵیان دەدا گەلانی ڕۆژهەڵات وەک گەلانی دواکەوتوو و سەرەتایی و نزمتر نیشان بدەن.

توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر بەهای ئەرشیڤیی بەڵگەنامەکەی میلینگن و هاوکات لایەنە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕوون دەکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی وەرگێڕان و شیکردنەوەوە، هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی گەلی کورد و خوێندنەوە و گفتوگۆی هاوچەرخانە لەسەر وێناکردنی ڕۆژهەڵاتناسانەی نەتەوەی کورد.

### ١. پێشەکی

وتارەکەی فرێدریک میلینگن (١٨٧٠) بە ناوی «دەربارەی کوردەکان»، یەکێکە لە کۆنترین ئەو باسە مێژووییانەی بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی کۆمەڵگەی کوردی نووسراون. ئەم وتارە کە لە دیدی ئەفسەرێکی سەربازیی ئەوروپاییەوە نووسراوە، بووەتە بەشێک لە ئەدەبیاتی گەشتنامەی سەدەی نۆزدەهەم کە تێڕوانینی ڕۆژاوای بۆ گەلی کورد داڕشتووە. سەرەڕای کاریگەرییەکەی، بەرهەمەکەی میلینگن لەناو چوارچێوە ئەکادیمی، بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا کەمتر شەنوکەو و بە شێوەیەکی ڕەخنەیی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە.

ئەم توێژینەوەیە دوو ئامانجی سەرەکی دەپێکێت: **یەکەم**، پێشکەشکردنی وەرگێڕانێکی کوردی بۆ وتارەکە بۆ ئەوەی ئەم بەڵگەنامە مێژووییە گرنگە بۆ خوێنەری کورد دەستەبەر بێت. **دووەم**، پێشکەشکردنی شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی ڕۆژهەڵاتناسانەی وێناکردنی کوردە لای میلینگن. بە هەڵسەنگاندنی وتارەکە لەناو مەعریفەناسیی کۆڵۆنیالیزمی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە چۆن گێڕانەوەکانی میلینگن ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵوێستە چەقبەستوو و چینایەتییانەن کە تایبەتمەندیی نووسینە ئەوروپاییەکان دەربارەی کۆمەڵگە نا-ڕۆژاواییەکان دەیانخەنەڕوو.

### ٢. زەمینەی مێژوویی و ڕۆشنبیری

بۆ تێگەیشتن لە وێناکردنەکانی میلینگن، پێویستە وتارەکە لەناو ژینگەی مێژوویی، سیاسی و ڕۆشنبیری سەدەی نۆزدەهەمدا دابنرێت.

#### ٢.١ نووسەر

فرێدریک میلینگن (١٨٣٦-١٩٠١) کە دوای موسڵمانبوونی و خزمەتکردنی لە سپای عوسمانیدا بە «عوسمان بەگ»یش دەناسرا، بە چڕی دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسیویەتی. زۆر جار بەرهەمەکانی تێکەڵەیەک بوون لە تێبینیی سەربازی، ئەتنۆگرافیا و بۆچوونی کەسی، ڕەنگدانەوەی ئەو متمانەبەخۆبوونە بوو کە لەلای نووسەرانی کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپایی هەبوو.

#### ٢.٢ کورد لە ئەدەبیاتی ڕۆژاوادا

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ناوچە کوردییەکان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری و هێزە ڕۆژاواییەکان گۆڕەپانی ناسەقامگیریی سیاسی و بەرهەڵستیی هۆزەکان و ململانێی ئیمپریالیزمی بوون. ئەفسەران و مژدەبەران و گەڕیدە ئەوروپاییەکان ــ وەک کلاودیۆس ڕیچ، لایارد، جەی شیڵ و دواتر سۆن، (Shiel, 1838; Soane, 1912 ) دەقگەلێکیان بەرهەم هێنا، کە وێنەی سەرەتایی ئەتنۆگرافیی کوردیان لەلای ڕۆژاوا دروست کرد.

ئەم دەقانە زۆرجار کوردیان بەم شێوەیە وێنا دەکرد:

- عەشایری و لە یاسا دەرچوو.
- خانەدان، بەڵام توندوتیژ.
- دواکەوتوو، بەڵام سەرنجڕاکێش.
- جەستەبەهێز، بەڵام لە رووی سیاسییەوە پێنەگەیشتوو.

#### ٢.٣ ڕۆژهەڵاتناسی وەک بوارێکی ڕۆشنبیری

کتێبی «ڕۆژهەڵاتناسی»ی ئێدوارد سەعید (١٩٧٨) (Said, 1978) ئاماژە بەوە دەکات کە مەعریفەی ڕۆژاوا دەربارەی ڕۆژهەڵات لەسەر ئەم بنەمایانە بنیاد نراوە:

- وێنەی چەقبەستوو.

• پۆلێنکاریی چینایەتی.
• ڕۆمانسیزەکردنی شتە نامۆکان.
• بانگەشەی شارەزایی بێ لایەنانە.

وتارەکەی میلینگن بە ڕوونی سەر بەم نەریتەیە. پێگەی ئەو وەک ئەفسەرێکی ئەوروپایی ڕێگەی پێ دەدات لە جیاتی گەلی کورد قسان بکات و هاوکات توانایی و کارایی کولتووری و سیاسییان کەم بکاتەوە.

### ٣. میتۆدۆلۆژیا

ئەم شیکردنەوەیە تیۆریی ڕۆژهەڵاتناسیی ئێدوارد سەعید (١٩٧٨) وەک چوارچێوەی سەرەکیی کارەکە بەکاردەهێنێت. ئێدوارد سەعید ڕۆژهەڵاتناسی وەک سیستمی گوتار پێناسە دەکات، کە لە ڕێگەیەوە زانا و گەڕیدە و کارگێڕانی ڕۆژاوا، وێنەیەکی جەوهەرگەرایانە و نزمتریان بۆ ڕۆژهەڵات بنیاد ناوە، تا پاساو بۆ باڵادەستیی سیاسی خۆیان بهێننەوە.

#### ٣.١ شێوازی شیکردنەوە

ئەم توێژینەوەیە سوود لەمانەی خوارەوە وەردەگرێت:

• شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان و میتافۆر و دەربڕینەکان.
• سەرنجی وەرگێڕان بۆ تێڕامان لەسەر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی وەرگێڕانی دەقە کۆلۆنیالیزمەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

#### ٣.٢ پرسیارەکانی توێژینەوە

• میلینگن چۆن لە ڕێگەی تیۆریی ڕۆژهەڵاتناسییەوە ناسنامەی کوردی بنیاد دەنێت؟
• نووسەر بۆ ڕۆمانسیزەکردن، نامۆ نیشاندان، یان کەمبایەخکردنی کۆمەڵگەی کوردی پەنا بۆ چ جۆرە ستراتیژێکی زمانەوانی دەبات؟
• وەرگێڕان چۆن یارمەتی خوێنەری کورد دەدات بۆ وەرگرتنەوەی خاوەندارێتی ئەم گێڕانەوە کۆلۆنیالیزمانە و دووبارە لێکدانەوەیان؟

### ٤. دەربارەی کوردەکان

نووسینی: مەیجەر فرێدریک میلینگن (١٨٦٩-١٨٧٠)

بە لاوەنانی ئەو دابونەریت و دیدوبۆچوونانەی کە لە دەرەوەی بازنەی لێکۆڵینەوەدان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو نەژادانەی لە مێژووی کۆندا وەک دانیشتووانی بەرزاییەکانی ئەرمەنستان ئاماژەیان پێ کراوە، بریتین لە: ئەرمەنییەکان، کاردۆخەکان و کلدانییەکان. زەینەفۆن وەک کۆنترین نووسەر باسوخواسەکانی لە هەمبەر وەسفی ئەو ناوچانە بە میرات بۆ ماوەتەوە، لە کتێبی «گەڕانەوەی دە هەزارەکە»دا دەگێڕێتەوە کە چۆن پێی ناوەتە ناو خاکی شاخاویی کاردۆخە جەنگاوەرەکانەوە. ئەمڕۆ ئەمە بۆچوونێکی گشتگیر و پەسەندکراوە کە کاردۆخەکانی ئەو سەردەمە، باپیرانی ئەو نەژادەن کە لە سەردەمی ئێستاماندا بە ناوی «کورد» دەناسرێن.

ئەگەر جیاوازی نێوان ناوە کۆنەکە و ناوە نوێیەکە وەک هۆکارێکی بەهێز بۆ دروستبوونی گومان لەسەر ئەم بابەتە تەماشا بکرێت، ئەوە لێکۆڵینەوە لەو ناوەی کە دراوسێ ئاسیاییەکان لە کوردانی دەنێن، ئەو ناوەشی کە کوردەکان خۆیان بۆ خۆیانی بەکاردەهێنن، ئەم پرسە بەتەواوی یەکلایی دەکاتەوە و هیچ گومانێکی تێدا ناهێڵێت، هەرچەندە شێوازی گۆکردن و نووسینی ناوی «کورد» لای تورک و فارس

هاوشێوەی ئەو شێوازەیە کە گەلانی ڕۆژئاوا پەیڕەوی دەکەن، بەڵام دەبینین عەرەبەکان ــ کە هەمیشە لە پرسە مێژووییی، ئەپۆلۆژیکی و ئەدەبییەکاندا وردتر بوون ــ ئەم ناوەیان بە شێوەیەک پاراستووە کە زۆر زیاتر لە شێوەی نووسینی یۆنانییە کۆنەکان دەچێت؛ بەو پێیەی وشەی «کەرت» (Kart) بۆ تاک و «ئەکراد» بۆ کۆ، ناوە عەرەبییەکەی کوردە. سەبارەت بەوەی خۆیان چۆن خۆیان دەناسن، ئەوە جیاوازە لە هەر ناونانێکی تر، ئەویش «کرمانجی»یە. من لێرەدا دەستەوسانم لە لێکدانەوەی واتای «مانجی/ مانش» کە خراوەتە کۆتایی وشەکەوە.

کوردەکان سەر بە نەژادی ئارین و خاوەنی زمانێکی تایبەت بە خۆیانن، کە لە زمانەکانی ئەرمەنی، فارسی و تورکی جیاوازە، بەڵام زمانی فارسی بە شێوەیەکی زۆر تێکەڵی زاراوەکانیان بووە؛ ئەمەش دەرەنجامی بەرکەوتنی نزیکیانە لەگەڵ نەتەوەیەک کە خاوەن شارستانیەتێکی باڵاتر بووە. ئەو تایبەتمەندییانەی لە زاراوە کوردییەکاندا تێبینیم کردوون بریتین لە: ئارەزووی کورد بۆ کورتکردنەوە و تێکەڵکردنی ناوە تایبەتەکان، کە ئەمە ئازادییەکە تورکەکان هەرگیز ڕێگەی پێ نادەن؛ بۆ نموونە کورد لە جیاتی ئەوەی بە درێژی بڵێت «محەمەد»، دەڵێت «محۆ». بە هەمان شێوە «حەسۆ» لە جیاتی حەسەن، «مەمۆ» لە جیاتی مەحموود و تاد.

تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی کوردی کۆتایی هاتنی وشەکانە بە پیتی (O) هاوشێوەی زمانی ئیتاڵی، وەک لەو ناوانەی سەرەوەدا بینرا، بەکارهێنانی ئامرازی (no)نەرێ، بە بڕوای من زۆر جێی سەرنجە، چونکە ئامرازی نەرێ لای نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵات تەواو جیاوازە. زمانی کوردی هێندەی ژمارەی هۆزەکان، زاراوەی تێدایە؛ زۆرجار وا ڕوودەدات هۆزێک تێگەیشتنی بۆ هۆزێکی تر نەبێت. کوردانی دەرسیم ناتوانن لە کوردانی بایەزید، یان سلێمانی تێبگەن و بە پێچەوانەشەوە.

ئەو پێوەندییە زۆرەی کوردەکان لەگەڵ فارسەکان هەیانە، نەک هەر وای لێ کردوون لە زمان و دابونەریتی فارس شارەزا بن، بەڵکوو وای لێ کردوون هەمان مەزهەبیش هەڵبژێرن؛ بە جۆرێک کوردەکان وەک فارسەکان مەزهەبی «شیعە»هەڵبژێرن، نەک وەک گەورە و خاوەنە عوسمانییەکانیان «سوننە» بن. (تێبینی: نووسەر لێرەدا سەرنجی لەسەر ئەو ناوچانە بووە کە لێی ژیاوە.

کەسایەتیی نەژادی کورد، لە زۆربەی سیفەتە سەرەکییەکانیدا، ئەو تایبەتمەندییانەیە کە بە گشتی لە ناو کۆچەرییەکاندا هەن. کورد بەهۆی ئەوەی ناچارە بەناو خاکێکی فراواندا بەدوای لەوەڕگە، یان بۆ جەردەیی و تاڵانکاری بگەڕێت، خاوەن غەریزەیەکی پڕ لە سەرکێشی و ڕوحێکی نائارام و توند و فێڵباز و چاوچنۆکە. ئەوان بەهۆی ململانێی بەردەوامیان لەگەڵ دراوسێیەکانیان، یان لەگەڵ یەکتر، لە بنەڕەتدا گەلێکی جەنگاوەرن و هەمیشە ئامادەی هێرشکردن، یان ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنن، بە پێچەوانەی عەرەبی جوامێرەوە، کورد دوودڵ نییە لە سوورکردنی دەستەکانی بە خوێنی ئەو میوانەی کە پەنای بۆ ڕەشماڵەکەی هێناوە.

ڕێگری (جەردەیی) بە شێوەیەکی سیستماتیک لە سەرتاسەری کوردستاندا هەیە و بە دوو ڕێگە ئەنجام دەدرێت: یەکەمیان لە ڕێگەی هێرشی لەناکاو بۆ سەر کاروان و ڕێبواران، و دووەمیان

به ڕێگەی «سەرانە» سەندن. هێرش بۆ سەر کاروانەکان تەنیا بە نیشاندانی هێز دەتوانرێت ڕێگری لێ بکرێت. ڕەنگە بازرگانە گەڕۆکەکان تەنیا کەسانێک بن کە بەبێ ترس بە کوردستاندا تێدەپەڕن، چونکە لە بەرژەوەندیی کوردە کە بیانپارێزێت.

سەرانە و بارمتەگرتن بەشێکن لە شێوازە ئاساییەکانی جەردەیی. هەر کاتێک سەرۆک هۆزێک پێویستی بە پارە بێت، یان هەست بکات پێداویستییەکانی ڕووی لە کەمی کردووە، دەستبەجێ پەنا دەباتە بەر وەرگرتنی سەرانە لەو گوندە ئەرمەنییانەی لە دەوروبەریدان. بێجگە لەم سەرانە گەورانە، جۆرێکی تری سەرانەی بچووکتر هەیە کە هەر کوردێک پێی وایە مافی خۆیەتی هەر کاتێک بۆی گونجا بیسەپێنێت؛ ئەویش بریتییە لە سەردانی کوردەکان بۆ لای دانیشتووانی ئاشتیخوازی شارەکان بۆ ئەوەی داوایان لێ بکەن ئەرک و تێچووی بەخێوکردنی ئەسپ و گامێشەکانیان بە درێژایی وەرزی زستان لەسەر شانی ئەوان بێت. دانیشتووانەکەش چاریان نییە، بێجگە لە قبووڵکردنی ئەم داواکارییە توندە، ئەگەرنا مەترسیی ئەوەیان لەسەر دەبێت کە بەرهەم و باخەکانیان لەناو ببرێت.

لەنێوان ئەو جەردەییەی کوردەکان ئەنجامی دەدەن، جۆرێکی دەگمەنی ڕێگریی سەر ڕێگەی گشتی هەیە کە پێدەچێت هاوشێوەی نەبیسترابێت؛ لەم حاڵەتەدا تاوانبارەکان «ژنانی گەنج»ن کە بۆ تاڵانکاری دەردەچن. تاقمێک لە جەردە جوانەکان لە کەناری ڕێگەکەدا دەوەستن و بە ئارامی چاوەڕێی گەیشتنی ڕێبوارە بەدبەختەکە دەکەن، هەرکە دیدەوانەکان هەواڵی هاتنی دەدەن، تاقمە جوانەکە بەرەو ڕووی ڕێبوارەکە دەچن و بە سەماکردن بەخێرهاتنی دەکەن. ڕێبوارەکە بە ناچاری دەوەستێت و کچەکانیش بە ئەدەبەوە داوای لێ دەکەن لە ئەسپەکەی دابەزێت. هەرکە قوربانییە سەرسامەکە، بێئاگا لە چارەنووسی خۆی، پێی دەخاتە سەر زەوی، خۆی لەناو بازنەی تاقمەکەدا دەبینێتەوە و دەستبەجێ هەرچییەکی بەبەرەوە بێت لێی دادەماڵن، پاشان زنجیرەیەک سەما و جووڵەی سەرنجڕاکێش دەست پێ دەکات (هاوشێوەی ئەوانەی لە سەردەمی لوپێرکالیا دەکران)، کە ئامانج لێی ئەوەیە ڕێبوارە داماوەکە عەقڵ و کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات. ئەگەر قوربانییەکە هەوڵ بدات بە هەمان شێوە وەڵامی جوانیی ئەو ستەمکارە لێبوردە و جوانانە بداتەوە، دەستبەجێ چارەنووسی مەرگ دەبێت.

ئەم سەما و قامچی لێدانانە چەندان جار دووبارە دەبنەوە تا ئەو کاتەی قوربانییەکە بێهێز دەبێت و ئەندامانی جەستەی خوێنی لێ دەچۆڕێت و لە هۆش خۆی دەچێت، پاشان تاقمە مێینەکە بڕیار دەدەن ڕێبوارە بەدبەختەکە ڕاپێچی «دادگەی ژنان» بکەن کە لە شوێنێکی ئەو دەوروبەرەیە، لەوێدا تۆمەتی سەرپێچی دەخرێتە پاڵ تۆمەتبارە دەستگیرکراوەکە، کە نەک تەنیا سەرزەنشتێکی زۆر دەکرێت، بەڵکوو مەحکووم دەکرێت ئەو غەرامەیە بدات، کە دادگە دیاریی کردووە. ئەم ڕاستییە، بەهۆی سروشتە نامۆکەیەوە، ڕەنگە گومان لە دروستییەکەی دروست بکات؛ بەڵام من لەسەر بنەمای شایەتیی چەندان کەس کە بە ناوچەی هۆزی «بلْباس»دا تێپەڕیون گێڕاومەتەوە، کە ژنەکانیان خولیای ئەم جۆرە ڕێگرییە نامۆیانە بوون. دەتوانم ئەوەش بڵێم کە ئەم گێڕانەوانە لەلایەن یەکێک لە هاوکارەکانم لە دەستەی ئەرکان، مەیجەر داوود ئەفەندییەوە پشتڕاست

کراونەتەوە، کە ماوەیەکی زۆر لە پارێزگەی کەرکووک ژیاوە و هۆزی بڵباسیش سەر بەوێ بوون.

کوردستان وڵاتێکی ڕووتەنەیە، لەوەڕگە تەنیا سەرچاوەیە کە بژێوی دانیشتووانەکەی دابین دەکات. مەڕومالآت شیر، کەرە و «جاجک» (جۆرە پەنیرێک) بۆ کورد دابین دەکات کە پێکهاتەی سەرەکیی ژەمەکانین. ئەرکی دروستکردنی کەرە و جاجک دەکەوێتە سەرشانی ژنان. دۆ و ماستیش لە پێکهاتە سەرەکییەکانی چێشتخانەی کوردین.

کورد کەم جار گۆشتی مەڕومالآتەکەی دەخوات؛ ڕاستییەکەی کەم کورد هەیە لە ساڵێکدا زیاتر لە سێ، یان چوار جار گۆشت بخوات. بەرهەمی مەڕومالآت زۆر بەنرخە؛ چونکە سەرمایەی کورد پێکدەهێنێت، بۆیە لە خەرجکردن بۆ تێرکردنی ئارەزووی خۆی زۆر دەست نووقاوە. سەرۆک هۆزە دەوڵەمەندەکان لەمە بەدەرن و خوانەکانیان پڕە لە باشترین جۆرەکانی گۆشت. ئەو گەنمەی بۆ بژێوی پێویستە، کوردەکان لە بازاڕەکان دەیکڕن، یان لە وڵاتی فارسەوە دەیهێنن. دوای ئەوەی بە ئاشی ئاو دەیکەن بە ئارد، ژنەکان هەویرێکی زۆر تەنکی لێ دروست دەکەن و لە ماوەی چەند خولەکێکدا لە ناو «تەنوور»دا دەیبرژێنن. گەنمی پاککراوە و وردکراو بۆ دروستکردنی پڵاوێک بەکاردێت کە پێی دەڵێن «بروێش» (ساوەر)، بۆ ئەوەی لە پڵاوی برنج جیا بێتەوە؛ ئەم ژەمە خواردنی سەرەکیی ڕۆژانەی کوردەکانە.

لە کوردستان پیاوان بە واتای وشە «هیچ ناکەن»؛ دوای تەواوبوونی ئەرکی شوانکاری و دیدەوانی، کاتەکانیان بە قسەوباس، جگەرە کێشان و نێرگەلە، پیلانگێڕی و هەندێک جاریش بە هێرشی تالانکاری، یان شەڕکردن لەگەڵ یەکتر بەسەر دەبەن. ئەوان پڕن لە خۆپەسندی و گرنگییەکی زۆر بە دەرکەوتنیان دەدەن و بایەخێکی زۆر بە پۆشاکی ڕازاوە دەدەن. پووتی سووری مەغریبی و عەبایەکی سوور، پۆشاکی فەرمیی جەنگاوەرێکن. شاڵی فارسی و کشمیر ئەو شتانەن کە هەموو سەرۆک هۆزێک ئاواتی بۆ دەخوازێت؛ وەک مێزەر بەکاری دەهێنن، یان لە کەمەریانی دەئاڵێنن.

پۆشاکی پیاوان لەم بەشەی کوردستاندا سێ جۆرە: یەکەمیان جۆرە کەوا و فەقیانەیەکە و «جوبە»یەکی درێژی بەسەردا دەپۆشرێت؛ ئەم جلوبەرگە کە لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا باوە، کوردەکان لە ناو ماڵ و ناو ڕەشماڵدا دەیپۆشن. پۆشاکی دووەم لە پانتۆڵێکی (شەرواڵ) شینی زۆر پان، کەوایەکی بچووک، عەبا سوورەکە و پووتە سوورەکان پێکهاتووە؛ ئەمە ڕاستییەکەی پۆشاکی زستانی جەنگاوەرە. سێیەم پۆشاک کە لە هەموویان سەرنجڕاکێشترە و تەنیا تایبەتە بە کورد؛ لە چاکەتێکی سووری کورت، پووتە سوورە ئاساییەکان و مێزەرە گەورەکە پێکهاتووە، کە چەندان دەستەسڕی ڕەنگاوڕەنگی بە دەوردا ئالآوە، ئەم پۆشاکە پۆشتەیە جەنگاوەرانی کورد لە وەرزی گەرمادا دەیپۆشن. کەم پۆشاک هەیە هێندەی ئەمە بۆ سوارچاکەکان گونجاو بێت؛ چونکە تایبەتمەندی ئاسوودەیی و پۆشتەیی و دیمەنێکی جەنگاوەرانەی تێدایە.

ئەو چەکانەی کوردەکان بەکاریان دەهێنن ئەمانەن: وەک چەکی بەرگری، قەڵغان کە لە پێستی فیل، کەرکەدەن، یان گامێش دروست دەکرێت. ئەم قەڵغانە بچووکە و تیرەکەی تەنیا ٢٠ ئینجە؛ لە دەرەوە بە چەندان ڕیز قۆپچەی

برۆنزی داپۆشراوە. چەکە هێرشبەرەکان بریتین لە کارابینێکی کورت کە دەمەکەی زۆر پانە و مۆدێلێکی زۆر کۆنە، دەمانچەیەکی چەخماخی کۆن و شمشێرێکی فارسی کە دروستکراوی خۆراسانە؛ هەندێکیان خەنجەرێکی فارسی چەماوەش هەڵدەگرن. باشترین چەکیان «نێزە»یە، (ڕم)، کە کوردەکان لە بەکارهێنانیدا زۆر لێهاتوون. نێزەی کوردی لە داری قامیشی حەوت گرێ دروست دەکرێت و بە باشترین دادەنرێت، ئەو قامیشە لە ڕێگەی بازرگانە فارسەکانەوە لە هیندستان هاوردەدەکرێت؛ درێژییەکەی چوار مەتر و نیوە؛ سەرەکەی لە پۆڵایەکی باشە و لە ناو تۆپەڵێک مووی ڕەشی ئەسپدا دەشاررێتەوە. ئامانجی ئەم تۆپەڵە مووە ئەوەیە کە ئەسپی دوژمن بترسێنێت و چەکە کوشندەکەش بشارێتەوە.

نەژادی کورد، چ پیاو و چ ژن، سەرنجڕاکێش و جوانن، لەم ڕووەوە زۆر لە تورکە تاتارەکان، یان تورکەکانی ئیستەنبوڵ بالاترن؛ ئەوان بالابەرز و خاوەن جەستەیەکی بەهێز و ماسوولکەیین. جێی سەرنجە کە لەناو کورددا جۆراوجۆریی لە ڕەنگی پێستدا دەبینرێت؛ هەرچەندە پێستی ئەسمەر بە چاو و قژی ڕەشەوە زاڵە، بەڵام قژی کاڵ و چاوی شینیش دەبینرێت. یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانیان ئەو بڵێسە و هێزەیە کە لە چاوەکانیاندا هەیە، هەرچەندە من سەردانی ناوچە سەربەخۆکانی ناوەڕاستی زنجیرە چیاکانی تۆرۆسم نەکردووە، (ئەو ناوچەیەی لای تورکەکان بە «دەرسیم داغ» ناسراوە)، بەڵام لەو زانیارییانەی هاوکارە ئەفسەرەکانم پێیان داوم، بۆم دەرکەوتووە کە نەژادی کوردی ئەو ناوچە شاخاوییە، دەکرێت وەک نموونەی جوانی و هێزی جەستەیی تەماشا



**وێنەی جلوبەرگی کوردی (١)**

بکرێن.

لەنێو کورداندا ژنان هەموو کارێک دەکەن؛ خواردن ئامادە دەکەن، جل دەشۆن، شیر دەدۆشن و خوریی مەڕ دەبڕنەوە؛ تەنیا ئەوان دەتوانن خورییەکە بڕێسن و ڕەنگی بکەن، هەروەها جاجم، بەڕە، ڕەشماڵ و قوماشە چنینەکانی تر دروست بکەن کە وڵاتەکە شانازییان پێوە دەکات، من تەنانەت ژنم بینیوە کە ئەسپی مێردەکەی ئامادەدەکات و کۆپان کورتانیان بۆ دروست دەکات!

ژنەکان «شەرواڵ»ێکی (شەڵوار) کوردیی پان دەپۆشن، کە بە پاژنەی پێیانەوە دەبەسترێتەوە، لەگەڵ چاکەتێکی بچووک کە لە پێشەوە کراوەتەوە و تا خوار ئەژنۆیان دێت و مێزەرێکی گەورە بە شێوازی کوردی لە دەوری سەریان دەبەستن. ئەم پۆشاکە بە ڕەنگە گەشەکانی، جوانیی جەستەی پڕ و ڕوخسارە گەنمڕەنگەکانیان دەردەخات.

ژنانی کورد زۆر بەڕەوشتن و خاوەن کەسایەتیی توند و بڕیاردانی پیاوانەن، ئەمەش بۆ پێوەندیی ئازادانەی نێوان هەردوو ڕەگەز دەگەڕێتەوە، کە

بێگومـان لەگـەڵ ئایینـی ئیسـلامدا ناگونجێت. ژنی کـورد ئـاگاداری هەمـوو کاروبـاری هۆزەکەیەتـی، لـە کێشـە و دوژمنایەتییەکانـەوە، تـا پیـلان و بەرنامـەکان؛ ڕاسـتییەکەی ئـەو زۆرجـار ڕوح و بزوێنـەری سـەرەکیی ئـەم جـۆرە کارانەیە. ژنانـی ئێـرە وەک پیـاوەکان ئـازا و خۆڕاگـرن، هەمیشـە ئامادەن و خێـرا قەڵەمبـازی سـەر پشـتی ئەسـپ دەدەن.

کوردەکان لـە بیرکردنـەوە و ڕەفتـار و دابونەریتـدا، گەلێکـی زبـر و نیمچـە وەحشـین؛ زانیـاری و بیرۆکەکانیـان زۆر سـنووردارە، تەنانـەت بێبەشـن لـەو دابونەریتـە نیشـتمانییانەی کـە نـەوە دوای نـەوە دەگوێزرێنـەوە. جێـی تێبینییـە کە کـورد هیچ نەریتی کۆنـی تایبـەت بـە خۆیانیـان نییـە و حەکایەتەکانـی سـەبارەت بـە پاڵـەوان و شـاکانی فـارس هەمـوو پاشـخانی مێژوویـی ئـەوان پێکدەهێنێـت. پێناچێـت کـوردەکان هەرگیـز بایەخێکـی زۆریـان بـە مێـژووی تـورک دابێـت و بێگومـان خۆیـان لەگـەڵ فارسـەکاندا زۆر زیاتـر بـە نامـۆ نازانـن وەک لـە تورکـەکان. گاڵتەوگـەپ و قەشـمەریی جۆراوجـۆر لای کـورد زۆر بـاوە، هەر سـەرۆک هۆزێـک «قەشـمەر»ێکی تایبەتی هەیـە، کـە ئەرکـی ئەوەیـە کـۆڕ و مەجلیسـەکە بـە خۆشـی بهێڵێتـەوە.

خۆشـی و یاریـی زۆر بـاو نییـە، چونکـە هێـزی داهێنـان لای ئـەم گەلـە لەم ڕووەوە وەک بوارەکانی تـر کەمـە. زۆرانبـازی، بەردەبۆقێـن، ئەسـپ سـواری، سـەما و گامێـش شـەڕێن سـەرەکیترین یارییەکانیانـن؛ یـاری شـەترەنجیش دەکرێـت.

بـۆ ئـەوەی دادپـەروەر بیـن لەگـەڵ کـورد، دەبێت دان بـەوەدا بنێیـن کـە زۆرجـار هێنـدە ڕاسـتگۆن کـە دان بـە هەڵـە و کەموکوڕییەکانـی خۆیانـدا دەنێن؛ ئـەوان دانـی پێدا دەنێـن کە گەلێکـی زبـر و کێویـن، بۆیـە پێیـان وایـە دەبێـت چاوپۆشـییان لـێ بکرێـت.

یەکێـک لـەو تایبەتمەندییانـەی کـە جـۆرە سیمایەکی ئەوروپایـی دەداتـە دابونەریتـی کـورد، مەراسـیمی ناشـتنی جەنگاوەرێـک، یـان سـەرۆک هۆزێکە. لـەو جـۆرە بۆنانـەدا، بەتایبـەت سـەرۆک هـۆزە دۆسـتەکان و هەمـوو ئەوانـەی پێوەندیـی خوێنییـان لەگـەڵ مردووەکـەدا هەیـە بانگهێشـت دەکرێـن. لـە کاتـی دیاریکـراودا، هەمـووان بـەرەو ئـەو ماڵـە دەچـن کـە تەرمەکـەی لێـوە بـەڕێ دەکرێـت. ژمارەیـەک سـوارچاک لـە پێشـەوەی تەرمەکـە دەڕۆن و نمایـش و یاریـی ئەسـپ سـواری دەکـەن؛ لـە کاتێکـدا ئەمـە لـە پێشـەوە دەکرێـت، تەرمەکـە لـە ناوەڕاسـتدا لەسـەر شـانی خـزم و دۆسـتانی مردووەکـە هەڵدەگیرێـت. ڕێـک لـە پشـت تەرمەکـەوە، ئەسـپە تایبەتەکـەی بـە هەنـگاوی هێـواش دێـت و کورتانـە بەتاڵەکـە و چـەک و پۆشـاکی جەنگیـی خاوەنەکـەی پێوەیـە. ڕێوڕەسـمەکە بـە ژمارەیەکـی زۆر جەنـگاوەر کۆتایـی دێـت کـە کۆمەڵەیەکـی گـەورەی سـوارچاک پێکدەهێنن. ژنان، چ خزم و چ دۆسـتی مردووەکـە، لـەم بۆنەیـەدا پەچـەی ڕەش دەپۆشـن، وەک نیشـانەی شـین؛ لـەو سـاتەی تەرمەکـە لـە مـاڵ دەردەهێنرێـت، ژنـان دەسـت بـە گریـان و هـاواری بەکـوڵ دەکـەن، وەک نیشـانەی خەمبـاری جلـی خۆیـان دەدڕێنـن و مشـت مشـت خـۆڵ و تـۆز بەسـەر سـەری خۆیانـدا دەکـەن.

ئـەم ڕێوڕەسـمی ناشـتنە، کـە دامەزراوەیەکـی نیشـتمانییە لای کـورد، زۆر جێـی سەرسـوڕمانە، چونکـە تـەواو پێچەوانـەی پرەنسـیپەکانی قورئـان، هەروەهـا ڕەفتـاری نەتـەوە موسـڵمانەکانی تـرە. بـە بـڕوای ئـەوان، هەمـوو مرۆڤـەکان بـە مـردن دەبنـە یـەک ئاسـت؛ هـەر بۆیـە نابێـت دوای مردنی هیـچ ڕێزێـک لـە کـەس بگیرێـت، لـە کاتـی ژیانیـدا

هـەر پلـە و پایەیەکـی هەبووبێـت.

**٥. شـیکردنەوەی ڕەخنەیـی و ڕۆژهەڵاتناسـانەی تێڕوانینەکانـی میلینگـن**

**٥.١ ڕەچەڵەکی کوردەکان**

میلینگـن ناسـنامەی کـوردی لـە ڕێگـەی سـەرچاوە یۆنانییـە کلاسـیکییەکانەوە پێناسـە کـردووە، بـۆ یەکلاکرنـەوەی ڕەچەڵەکـی کـورد پشـت بـە زەینەفـۆن دەبەسـتێت، گوایـە نـەوەی «کاردۆخ»ـەکانن، ئەمـە ڕەنگدانـەوەی تێڕوانینێکـی ئەوروپاییـە کـە پێـی وایـە گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت تەنیـا ئـەو کاتـە لـە ڕووی مێژووییـەوە دانپێدانـراون کـە لـە ئەدەبیاتـی کلاسـیکی ڕۆژئـاوادا جێگەیـان بێتـەوە. گێڕانـەوەی خـودی کـورد، دابونەریتـە زارەکییـەکان و مێـژووە ناوخۆیـیـەکان وەلا نـراون. سـەرەڕای ئـەوەش بەگشـتی باسـکردنی کـورد کـراوە، بـە بـێ ئـەوەی ڕۆڵـی تـاک و جیاوازیـی تاکـەکان بخاتـە ڕوو، کـە ئـەوە ڕەگەزێکـی سـەرەکی و بنەمایەکـی گرنگـی تیـۆری ڕۆژهەڵاتناسـی ئێـدوارد سـەعیدە.

**٥.٢ ئەتنیک و زمان**

میلینگـن کـورد بـە بەکارهێنانـی زاراوە ڕەگەزییـە -زانسـتییەکانی وەک «ئاریـن» پۆلێـن دەکات، کـە پشـتگیری لـە چینبەندییـە بایۆلۆژییەکانـی ئەوروپا دەکات. ئـەو زمانـی کـوردی وەک زمانێکـی «سـەربەخۆ، بـەڵام گەشـەنەکردوو» وەسـف دەکات و جەخـت لـە فرەزاراوەیـی دەکاتـەوە، وەک نیشـانەیەک بـۆ پشـێویی کولتـووری، ئەمـەش لەگـەڵ ئاراسـتە ڕۆژهەڵاتناسـییەکاندا دەگونجێـت، کـە کۆمەڵگـە ڕۆژهەڵاتییـەکان وەک کۆمەڵگـەی پـڕ لـە پشـێوی زمانەوانـی نیشـان دەدەن.

**٥.٣ ئایین**

ئـەو بانگەشـەیەی کـە دەڵێـت کوردەکان زۆربەیان شـیعەن، ژیانـی ئایینیـی کـورد لـە کاریگەریـی بیروبـاوەڕی ئایینـی فارسـەکان کـورت دەکاتـەوە، ئەمـە پشـتگوێخسـتنی پێکهاتەکانـی سـوننە و عەلـەوی و ئێـزدی و یارسـانە لـە نـاو کـورددا. ئـەم سـادەکردنەوەیە ئـەو تێڕوانینـە ڕۆژهەڵاتناسـییە بەهێـز دەکات، کـە گەلانـی ڕۆژهـەڵات خـاوەن سـەربەخۆیی ئایینـی نیـن و تەنیـا ناسـنامە لـە کولتـوورە باڵادەسـتەکانی دەوروبەریـان وەردەگـرن.

**٥.٤ وێنە چەقبەستووەکانی کەسایەتی**

میلینگـن وەسـفی دژبەیـەک بەکاردەهێنێـت — ئـازا بـەڵام ناپـاک، خانـەدان بـەڵام کێـوی — ئەمـەش وێنەیەکـی دووفاقـی دروسـت دەکات کـە ڕەنگدانـەوەی دوودڵـیی ڕۆژئاوایـە بەرانبـەر ڕۆژهـەڵات. ئـەم بنیادنانـەی «وەحشـییەکی نەجیـب»، هـاوکات کـورد ڕۆمانسـیزە دەکات و وەک منداڵیـش نیشـانیان دەدات. ڕەفتارەکانیـان وەک خەسـڵەتێکی زگمـاک و نەگـۆڕ وێنـا کـراوە، بـە جۆرێـک کـە زەمینـەی مێژوویـی، ئابـووری و سیاسـی بـە تـەواوی پشـتگوێ خـراون. میلینگن لە ڕاپۆرتەکەیـدا کـوردەکان لەگـەڵ گـەلان و نەتـەوەی تـر بـەراوردەکات، ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا بنەمایەکـی سـەرەکی تیـۆری ڕۆژهەڵاتناسـییە.

**٥.٥ جەردەیی و بێیاسایی**

کـوردەکان بـەردەوام وەک ڕێگـر و جـەردە وێنـا دەکرێـن، بەبـێ ئـەوەی لێکۆڵینـەوە لـە فەرامۆشـکردنی عوسـمانییەکان، پەراوێزخسـتنی ئابـووری، یـان ڕەخنـە لـە باجـی ئیمپراتـۆری بگرێت. بەرهەڵسـتی دژی ئیمپراتۆریای عوسمانی وەک «تاوانێکـی کولتـووری» دووبـارە پێناسـە

کراوەتـــەوە. «ئـــەم جـــۆرە وێناکردنـــە خزمـــەت بـە لۆژیکـی کۆلۆنیالیـزم دەکات، کـە پێـی وایـە گەلانـی ڕۆژهـەڵات، لـە ڕووی پەیڕەوکردنـی یاسـا و سیسـتمەوە، پێویسـتییان بـە حوکمڕانییەکـی ئیمپریالیزمـی بەهێـز هەیـە.»

**٥.٦ ئابووری و ژیانی ڕۆژانە**

وەسـفەکانی میلینگـن کۆمەڵگـەی کـوردی وەک کۆمەڵگەیەکـی چەقبەسـتوو لـە کاتـدا نیشـان دەدەن (کۆچـەری، سـەرەتایی و نەگـۆڕ)، ئەمـە ڕەگەزێکـی سـەرەکیی ڕۆژهەڵاتناسـییە کـە گەشـەپێدانی مێژوویـی ڕەت دەکاتـەوە و کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییـەکان تەنیـا وەک «سەیروسـەمەرەی ئەتنۆگرافـی» دەبینێـت. میلینگـن تیشـک دەخاتـە سـەر سـادەیی (سـەرەتاییبوون) و لـە هەمـان کاتـدا بـژاردە شارنشـینە کـوردەکان، چالاکییـە بازرگانییـەکان و حوکمڕانیـی ناوچەیـی پشـتگوێ دەخـات.

**٥.٧ ڕۆڵی ڕەگەزی**

ژنانـی کـورد وەک کەسـانێکی کارکـەری مانـدوو و چەوسـاوە نیشـان دەدرێـن، ئەمـەش وێنـەی چەقبەسـتووی «ژنـی چەوسـاوەی ڕۆژهەڵاتـی» نیشـان دەدات. پیاوانـی کوردیـش وەک تەمـەڵ، لەخۆبایی و توندوتیـژ وێنا دەکرێـن. ئـەم گوتـارە ڕەگەزییـە بەهـای ئەخلاقیـی کۆمەڵگـەی کـوردی لـە ڕێگـەی نۆرمەکانـی ڕۆژئـاواوە دەپێوێـت و ڕۆڵـی مێژوویـی ژنانـی کـورد لـە سـەرکردایەتی و سیاسـەتدا پشـتگوێ دەخـات.

**٥.٨ جلوبەرگ و چەک**

جلوبـەرگ دەبێتـە بـە پۆشـاکێکی نامـۆ و ڕەنگاوڕەنـگ نیشـان دەدرێـت، چەکـەکان وەک هێمـای قارەمانێتییەکـی بەربەریانە وەسـف دەکرێن، ئەمـە ژیانـی ڕۆژانـەی کـورد دەکاتـە «نمایشـێکی بینـراو» بـۆ تێرکردنـی خولیـای ڕۆژاوا، بەرانبـەر بـە ڕۆژهەڵاتێکـی سـەرنجڕاکێش.

**٥.٩ ڕوخساری جەستەیی**

میلینگـن جەسـتەی کـورد (بەهێـز، باڵابـەرز، ماسـوولکەیی) دەکاتـە جێـی سـەرنج، بـەڵام هـاوکات بـە «کێـوی» وەسـفیان دەکات، ئەمـە لەگـەڵ جوانکارییـە ڕەگەزییەکانـی ڕۆژهەڵاتناسـیدا دەگونجێت: سەرسـامبوون بـە جەسـتە و هـاوکات گومـان لـە عەقـڵ و ئەخـلاق، یـان لایەنـی شارسـتانی ئـەو گەلـە دەکات. جۆراوجۆریـی سـیما جەسـتەییەکانی (فینۆتایپـی) کـورد دەبێتـە کەرسـتەیەک بـۆ نامـۆ نیشـاندانی ئـەو گەلـە.

**٥.١٠ مەعریفە، نەریت و کات بەسەربردن**

میلینگـن دەڵێـت کـوردەکان مێـژووی نووسـراو، ئەدەبیات، یـان نەریتـی فیکرییـان نییـە ــ کـە ئەمـە بانگەشـەیەکی تـەواو هەڵەیـە، ئەمـە سـڕینەوەی کەسایەتییە ئەدەبییەکانـی (وەک جزیـری، حەریری، خانـی) و مێژوونووسـیی کوردی (وەک شـەرەفنامە) یـە. کورتکردنـەوەی کولتـووری کـوردی بـۆ یـاری و قەشـمەری، وێنەیەکـی منداڵانـە و وێناکردنـی کولتوورێکـی نزمـە.

**٦. گفتوگۆ و ئەنجام**

ئـەو نەریتـە دووبارەبووانـەی لـە دەقەکـەی (میلینگـن)دا هـەن، ڕەنگدانـەوەی ئـەو هەڵوێسـتە گشـتییەی ڕۆژهەڵاتناسـین کـە گەڕیـدە ئەوروپاییەکانـی سـەدەی نۆزدەهـەم بەکاریـان هێنـاون. وەرگێڕانـی ئـەم جـۆرە دەقانـە بـۆ سـەر زمانـی کـوردی، فەزایـەک بـۆ «وەرگرتنـەوەی

وێناکردنی مێژوویی» فەراهەم دەکات.

خوێنەری کورد ئێستا دەتوانێت بە بیرکردنەوەی ڕەخنەییەوە سەیری ئەم وەسفە کۆلۆنیالیزمانە بکات، شێواندنەکان بناسێتەوە و هاوکات بەهای ئەرشیڤیی ئەم بەڵگەنامە سەرەتاییانەش درک پێ بکات. وەرگێڕان لێرەدا دەبێتە هەم پاراستن و هەم بەرەنگاری. ئەم توێژینەوەیە دەیسەلمێنێت کە وتارەکەی فرێدریک میلینگن «دەربارەی کوردەکان» بە قووڵی لە ناو گوتارە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا چەقیوە. تێڕوانینەکانی میلینگن بۆ ڕەچەڵەک و کەسایەتی و ڕۆڵی ڕەگەز و ئایین و کولتووری کورد، جیهانبینییەکی چینایەتی نیشان دەدات، کە کۆمەڵگەی کوردی وەک کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی و نامۆ و دواکەوتوو لە ڕووی فیکرییەوە وێناکردووە.

بە وەرگێڕانی ئەو دەقە بۆ سەر زمانی کوردی و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی تێڕوانینی گەڕیدەکان و ئێتنۆگرافی کۆلۆنیالیزم، هەڵسەنگاندنی وێناکردنی کوردە لە ئەدەبی ڕۆژاوایی شیکار و شرۆڤە دەبێت. «ئەم کارە، لە ڕێگەی دابینکردنی سەرچاوەیەکی مێژوویی و دیدێکی تیۆری، هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی بۆ نووسینە ڕۆژاواییەکان دەربارەی کورد دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئەوەش گرنگی بە بواری لێکۆڵینەوەی کوردی و وەرگێڕان و زانستی کۆلۆنیالیزم دەدات، ڕێگەش خۆش دەکات بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان چۆن وێنای گەلان و کولتوورە پەراوێزخراوەکانیان کردووە.

**پەراوێز:**

**١- لە کتێبی «ژیانی کێوی لە نێو کوردەکان»ی (فریدریک مێلینگن)ـەوە وەرگیراوە، بە مۆڵەتی مێسرز، هێرست و بلاکێت.**

**سەرچاوەکان:**


- Said, Edward. Orientalism. New York: Pantheon, 1978.
- Millingen, F. (1870). On the Koords. The Journal of the Ethnological Society of London (1869–1870), 2(2), 175–181. Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland. http://www.jstor.org/stable/3014424.
- Shiel, J. Notes on a Journey Through Kurdistan. Royal Geographical Society, 1838.
- Soane, E.B. To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise. 1912.